کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پرۆژە یاسای کاری کرێکاریی

(چەند سەرخەتێکی گشتی)

ئایاری 2010

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

لەبلاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

جددی ئاستی تەندروستی گشتی ، زانیاری پزیشکی و تەندروستی جەماوەر . پەرەپێدان و ڕێکخستنی ئیمکاناتە پزیشکی و دەرمانییەکان بەشێوەیەك کە دەست ڕاگەیشتنی دەستبەجێ بە پزیشك و داوودەرمان بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات ئاسان بێت .خوێندنی گشتیی و ئیجباری و خۆڕایی تاتەمەنی 16 ساڵی . خوێندنی باڵا (زانکۆیی ، پسپۆڕی)ی خۆڕیی و نزیکە دەست بۆ هەموو خوازیاران . دانی دەرماڵەی تێروتەسەل بەخوێندکاران. ڕیشەکێش کردنی نەخوێندەواری و بردنەسەری هەمیشەیی پلەی خوێندەواری و زانیاری زانستی وتەکنیکی دانیشتوانی وڵات. فێربوون ماڤی هەموانە و دەستڕاگەیشتنی ئینسانەکان بە فێربوون و دەورە تەعلیمییەکان نابێ بە هیچ جۆرێك ببەسترێتەوە بە ئاستی داهاتی خێزانەوە.

دابینکردن و زامنکردنی خانوبەرەی گونجاو، لەڕوی فراوانی و تەندروستیی و سەلامەتیی و خزمەتگوزاریی شارییەوە (کارەبا، ئاوی سارد و گەرم ، چێشتخانە ، گەرماو و دەستشۆری ناو خانوەکە ، دەزگای فێنك کردنەوە و گەرم کردنەوە ، هەلی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی تەلەفزیۆنی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتیە محەللییەکان) بۆ هەمووان. کرێی خانوو نابێ لە 10٪ی داهاتی تاك یان خێزان زیاتر بێت. ئەگەر کرێکە لەمە زیاتر بوو ئەوا دەبێ زیادەکەی لە ڕێگەی کۆمەکی دەوڵەتەوە دابین بکرێت. بێ خانە و لانەیی وەیان ناچار کردنی ئینسانەکان بەژیان لەسەر پەنای خوارتر لە ستانداردە پەسەندکراوەکان ، کارێکی نایاسایە و دەزگا دەوڵەتیەکان لەسەریانە دەست بەجێ سەر پەنای گونجاو بۆ هەموو هاوڵاتیان دابین بکەن .

پێکهێنانی دامەزراوە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان لەگەڕەك و موجەممەعە سەکەنییەکاندا، وەکو دایەنگە، باخچەی ساوایان، چیشتخانە و مەڵبەندە گشتییەکانی خزمەتکردن، جلشۆرگەی مۆدێرن و ... تاد ، بەمەبەستی سوککردنی باری کاری ناوماڵ و ئاسانکردنی بەشداریکردنی هەموو خەڵك لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

فەراهەمکردنی تەسهیلاتی وەرزشی و هونەری و کەلتوریی خۆڕایی ( یاریگا ، هۆڵ و ستۆدیۆی نمایش و نواندن ، کتێبخانە و ...تاد) و تەرخانکردنی ڕاهێنەر و فێرکارانی پێویست لە ئاستی محەللیدا .

دابینکردنی تەسهیلاتی پێویست بۆ بەشداریکردنی چالاکانەی ئینسانە نوقسانەکان و کەمئەندامەکان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. دەستەبەر کردنی تەسهیلات و تەجهیزاتە تایبەتەکانی نوقسانەکان لە شوێنە گشتییەکان، گوزەرگاکان، موجەممەعە سەکەنیەکان و .... تاد. دابینکردن و لە ئەستۆگرتنی خەرجی هەموو ئامرازە تەکنیکی و یارمەتیدەرە پێویستەکان بۆ ئاسانکردنی ژیانی ڕۆژانەی کەمئەندام.

دابینکردنی تەسهیلات و دامزراوە خزمەتگوزارییەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی بە ساڵاچوان و باشکردنی شێوەی ژیانیان. دابین کردنی ئیمکانات و تەسهیلاتی پێویست بۆ بەردەوامی بەخشین بە بەشداری چالاکانە و داهێنەرانەی بەساڵاچوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

دابین کردنی تۆڕی پاس و میترۆی خۆڕایی بۆ هاتوچۆی ناو شارەکان.

دابینکردنی هەموو پێداویستیە شارییەکان (کارەبا ، ئاو ، تەلەفۆن ، ئینتەرنێت ، مەڵبەندی فێرکردن و پزیشکی و کەلتوری و ...تاد) لە هەموو ناوچە دێ نشینەکاندا و نەهێشتنی جیاوازی خۆشگوزەرانی لە نێوان شار و دێدا.



لەبلاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیدستی کرێکاریی کوردستان:

- پرۆژە یاسای کاری کرێکاریی
- ئایاری 2010
- تیراژ 500 دانە

2- دەبێ ئازادی مانگرتن و ڕێکخراوبوون و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان لەهەر ئاستێکی کاردا بەڕەسمی بۆ بناسرێت.

3- دەبێ هەرجۆرە مامەڵەیەکی ڕاسیستی و جیاکاری و سوکاتەی پێکردن و لێگرتنەوە لەهەق و هقوقیان لەژێر هەر ناوێکدا بێت بەقەدەغە ڕابگەیەنرێت ولەیاسای کاردا ئەم حاڵەتانە بەتاوان دابنرێ وئەنجامدەرانی لەگەڵ سزای توندی یاسایی بەرەوڕوو بکرێنەوە.

تێبینی : ئەم یاسای کارە هەموو ناوەندەکانی کار و ئەو جێگایانەی کرێکار کاری تێدا دەکات ، کەرتی حکومی ، کەرتی تایبەتی ، کاری پرۆژەیی و فەسڵی ، کاری کشتوکاڵی و تەکمیلی ... بەکاری ناوماڵیشەوە دەگرێتەوە . هەر خاوەنکارێك یان ئیدارە و بەرپرسێکی ئیداری کە سەرپێچی جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەم یاسای کارە بکات ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان خوازیاری ئەوەیە کە هەر لەئێستاوە ماددەکانی ئەم یاسای کارە لە کوردستاندا بەڕێوە ببرێت. وە ڕاستەوخۆش بۆ ئەوە هەوڵ دەدات کە لەهەر شوێن و ناوەندێکی کاردا بە دەخالەت و بڕیاری کرێکاران ماددەکانی ئەم یاسای کارە بەڕێوەبچێت .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی گشت کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاریی دەکات بۆ خەبات لە پێناو ڕەسمییەتدان بەم یاسای کارەو پیادەکردنی لە سەرتاسەری وڵاتدا ، هاوکات ڕایدەگەیەنێت کە کۆبونەوەی گشتی کرێکاری زامنی دەخالەتی ڕاستەوخۆ و بە کۆمەڵی کرێکاران و بەڕێوەبردنی یاسای کارە ..

## پاشکۆی یاسای کار

بۆ تەواوکردن و هەمەلایەنەکردنی بەندەکانی ئەم بەشە لە ژێرناونیشانی خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان ، کۆمەڵێك خواستی تر دەکەینە پاشکۆی یاسای کار و ماددەکانی بەشێکن لەیاسای کار و جێبەجێکردنیان لە لایەن دەوڵەت و خاوەنکارەکانەوە هەر وەکو یاسای کاری ئیلزامییە .

خۆشگوزەرانی و زەمانەتە کۆمەڵایەتییەکان :

دانی بیمەی بێکاری هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمیی بەهەموو کەسانی بێکاری سەرووی 16 ساڵ .

دانی بیمەی خانەنشینی دەوڵەتیی، هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمیی، بە هەموو کەسانی سەرووی تەمەنی 55 ساڵ کە موچەی خانەنشینییان نییە.

هەموو منداڵ و نەوجەوانێکی خوار تەمەنی 16 ساڵ ، کە لەڕێگەی خێزانەوە گوزەران و خۆشگوزەرانی دابین نابێت، بە خێوکردن و سەرپەرشتی کردنی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت.

چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاری تەندروستی وپزیشکیی خۆڕایی و شیاو و نزیکە دەست بۆ هەمووان. چاودێری تەندروستی رێکوپێك و کوتانی هەمەلایەنەی منداڵان . زامنکردنی بەهرەمەند بوونی هەموو منداڵان لە نیزامێکی خواردنی تێروتەسەل و شیاوو بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئاستی داهاتی خێزان و ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوون و ...تاد. ڕیشەکێش کردنی ئەو نەخۆشییە پەتایی و درمانەی کە لەپاکژ نەبوونی ژینگەوە سەرچاوە دەگرن، چاودێری کردنی تەندروستی هەموو هاوڵاتیان لە بەرامبەر نەخۆشییەکانی دڵ، شێرپەنجە باوەکان و ئەو نەخۆشیانەی کە زوو تەشخیس کردنیان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە چارەسەر کردن و کەمکردنەوەی ئاکامەکانی. پەرەپێدان و باشکردنی



# پرۆژە یاسای کاری کرێکاریی
# (چەند سەرخەتێکی گشتی)

## پێشەکی:

بەهۆی نەبوونی یاسای کارەوە، کرێکارانی کوردستان لەهەلومەرجێکی سەخت و بێمافیدا ڕاگیراون. بەدوای ڕاپەرین و دامەزراندنی حکومەت وپەرلمانی حیزبە ناسیونالیستەکان و تێپەڕبوونی 18 ساڵ لەدەسەلاتداریێتی ئەم حیزبانە کەچی کرێکارانی کوردستان هێشتا لەیاسایەکی کار کەماف وئازادیەکانیان لەیاسادا جێگیر کرابێت بەهرەمەند نین، هێشتا ئاستی کرێ، سەعات کاری ڕۆژانە، بیمەو زەمانەتە کۆمەلایەتیەکان و شێوازی فرۆشتنی هێزی کار، ماوەی خانەنشینی وپێداویستیەکانی سەلامەتی کار وگەلێ شتی تر بۆ کرێکاران بەیاسا جێگیرنەکراوە. ئەم واقعیەتەش بۆتەمایەی ئەوەی کە ژیانی دوو نەوە لە کرێکاران و هێزی ئامادە بەکاری ئەم چینە بەقازانجی خاوەنکارو سەرمایەداران و بەهەلومەرجی تێکەولێکەی سیاسی و میکانیزمی کوێرانەی بازاڕ بسپێردرێت.

لەماوەی ڕابردوودا دەسەلاتدارانی کوردستان، گەلێك یاسایان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا بەقازانجی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا فەرزکردووە، لەوانەش یاسای وەبەرهەمهێنان و بودجە، کەچی لەولاشەوە سیستەمی کارو پەیوەندی نێوان فرۆشیاران وکڕیارانی هێزی کاریان بەوپەڕی فەرامۆشی سپاردووە وهیچ یاسایەکیان بۆ نەبووە. ئەوەشی لەم بووارەدا پشتیان پێبەستبێت پاشماوەکانی یاسای کاری بەعس و بڕیارە ئابوورەیەکانی ئەم دەسەلاتە نەگریسە بووە کەسەرتاپا بەقازانجی کەڵەکەی سەرمایەو بازاڕی فرۆشی هێزی کاری کرێکاران بووە لەئاستێکی ئەوپەڕی نزم وهەرزاندا. بەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و پەسەندکردنی دەستوری عێراقیشدا، ئەم دەسەلاتە نەك هەر داکۆکیان لەمافەکانی کرێکاران و جێگیرکردنی لەیاسا و دەستوردا نەکردووە، بەڵکو بەهۆی گریدانەوەی کوردستان بەهەلومەرجە سیاسی وئابووریەکانی عێراقەوە، سەرتاپای کۆمەڵگای کوردستان و مافەکانی کرێکاران و هەلومەرجی کاریان تابعکراوە بەکێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی دەستەوتاقمی قەومی وئاینییەوە و هیچ ڕۆڵێك بۆ ڕێکخراوبوونی کرێکاران، نوێنەرایەتی کرێکاری، شەخسیەتی ئینسانی و کۆمەڵایەتی کرێکار لەدانانی یاساکاندا لەبەرنامەدا نەبووە.

لەچەند ساڵی ڕابردوودا و لەژێر سایەی دەسەلاتی حیزبە ناسیونالیستەکاندا ڕیزێك لەبەرپرسیاران و خاوەن سەرمایە ودەوڵەمەندانێك پەیدابوون کەبەشی زۆری داهاتی وڵاتیان لەسەر و مامەڵەی ئابووریەوە و لەڕێگای دزی وگەندەڵی و دەسەلاتی حیزبیەوە لەدەستدا کۆبۆتەوە و جیاوازیەکی ئاشکرایان لەئاستی دەرامەت و ژیاندا لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشاندا پێکهیناوە ولەولاشەوە کەمی ئاستی کرێ و سەعاتکاری زۆر، کاری منداڵان، شەوکاری و زێدەکاری و کارکردن

لەرۆژانی پشودا بەبێ وەرگرتنی هیچ حقوقێکی تایبەتی، کاری خەتەر وبەکەمترین پێداویستەکانی سەلامەتی کارەوە، تا دەگات بەنەبوونی زەمانەتی بێکاری و باقی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و زەمانەتی خانەنشینی و پەککەوتەیی و نەخۆشی و بێ بەشکردنی کرێکاران لەهەموو جۆرە ئیمکانیەتێکی حەوانەوە و خۆشگوزەرانی لە جێگای کاردا ... تاد. هەموو ئەمانەیان کردۆتە گۆشە جیاجیاکانی هەلومەرجی سەختی کارو ژیانی چینی کرێکاری کوردستان و خۆبەخۆ بۆتە سیستەمێك کەنمونەی هێزی کارێکی هەرزانی کەم وێنەی لەبەردەم سەرمایەدارانی کوردستاندا راگرتووە و هیچ یاسایەکیش نییە کەسنورێك بۆ چەوسانەوەی ئەم هێزە دیاری بکات.
لەچوارچێوەی ئەم واقعیەتانەدا، هەبوونی یاسای کارێك لە کوردستان، کەبتوانێت لانی زۆری خواست و مافەکانی کرێکاران و هەلومەرجێکی گونجاو بۆ کاری کرێکاران مسۆگەر بکات، بۆتە پێداویستیەکی حەیاتی بۆ پاراستنی چینی کرێکار لە ئاکامە زیانبارەکانی ئەم هەلومەرجانە و زەمینە ڕەخساندن بۆ چونەسەری هۆشیاری چینایەتی و بەهێزکردنی توانای ڕێکخستن و خەباتکارانەی چینی کرێکار و دەست ڕاگەیشتنی کرێکاران بە ژیان و گوزەرانێکی باشتر. لەم ڕوانگەیەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ئەم بەندو مادانەی خوارەوە وەکو سەرخەتەکانی پرۆژە یاسای کارێکی پێشڕەوی کریکاری ڕادەگەیەنێت و بانگەوازی کرێکاران و ڕێکخراوەکانیان دەکات بۆ خەبات لەپێناو چەسپاندنی و کردنی بەیاسایەکی ڕەسمی و کارپێکراو لە کۆمەڵگای کوردستاندا:

## ئەحکامە گشتییەکان:

یاسای کارێك دەتوانێ لەگەڵ باری ئابوری ئێستای کوردستان و هەلومەرجی کار و ژیانی کرێکاراندا هاو ئاهەنگ بێت کەلەسەر بناغەی ئەم حوکمە گشتیانەی خوارەوە داڕێژرابێت:

- ئازادی بێ قەید و شەرتی ڕکخراوبوون و مانگرتن و باقی ئازادیە سیاسیەکان بۆ کرێکاران بەڕەسمی بناسێ.
- بەپێی پێوانەیەکی جیهانی، ئەو کۆمەڵە داخوازیانەی کەباری ژیان و هەلومەرجی کاری کرێکاران بەرەو باشتر دەبات... لەخۆ بگرێ لەوانەش، ئاستی کرێ، سەعاتکار، مۆڵەتەکان، زەمانەتەکان، پێداویستیەکانی کار....

دەخالەتی کرێکاران و نوێنەری کرێکاری و ڕێکخراوەکانیان، ڕاستەوخۆ وەك تەرەفێك لەبەڕێوەبردن و چاودێری کردنی یاساکانی کار لەتەواوی شوێنەکانی کاردا بەڕەسمی بسەلمێنێ و دانی پێدا بنێت.
تێبینی : هەرگۆڕانکاریەك و زیاد کردنی هەر ماددەیەك بۆ سەر ئەم یاسای کارە نابێ پێچەوانەی ئەم ئەحکامانە بێت.

## ڕێکخراوبوونی کرێکاران:

ماددەی (1):
ئازادی بێ قەید و شەرتی ڕێکخراوبوونی کرێکاران. کرێکاران ئازادن لەوەی هەر جۆرە ڕێکخراوێك کە خۆیان دەیانەوێ یۆ بەرگریکردن لە ماف و خواستەکانیان پێك بهێنن . هەر جۆرە ڕێگری دانانێك لەبەردەم هەوڵی کرێکاران بۆ ڕێکخراوبوون و بەزۆر داسەپاندنی هەر جۆرە ڕێکخراوەیەك بەسەر کرێکاراندا قەدەغەیە .
هەر ڕێکخراوەیەك کە کرێکاران خۆیان بەڕەسمی بناسن ، دەبێ وەکو لایەن و نوێنەری کرێکاران





هەرجۆرە غەرامەکردنێکی کرێکاران و گلدانەوە لە کرێ وە هەروەها دەرکردنی کرێکار لەسەر کار بە بیانووی ڕەچاونەکردنی زەوابتی کارەوە قەدەغەیە، هەرجۆرە سزادانێك بەهەر بیانوویەکەوە بێت لەلایەن خاوەنکارەوە قەدەغەیە، نوێنەرانی کرێکاران بەرپرسیارن لە لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی ئیجرائاتی پێویست بەرامبەر بەو سەرپێچییانەی کرێکار دەیکات.

## نوێنەرایەتی کرێکاریی و پشکنینی کرێکاریی:

ماددەی (34):
پێکهێنانی دەستەی ناوبژیوانی (هیئات التحکیم) و چارەسەرکردنی کێشە , کەلەکەسانێکی هەڵبژێردراوی کرێکاران پێك دێت.
ماددەی (35):
دارشتن و جێبەجێکردنی یاساڕێسا ناوخۆییەکانی کارگە و یەکە ئابووری و بەرهەمهێنەرەکان لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکارانەوە ئەنجام دەدرێت.
ماددەی (36):
پێکهێنانی دەستە پشکنینە کرێکارییەکان بۆ چاودێری بەسەر پیادەکردنی ڕاست و درووستی یاسای کار لەسەرتاسەری وڵات و هەموو یەکەو دامەزراوەکاندا ، بە خزمەتگوزارییەکانی نێو ماڵیشەوە.
ماددەی (37):
پابەند کردنی خاوەنکار بە ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی کرێکاران لەبارەی هەر بڕیارێکەوە کەبەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری بەسەر شێوەی کار ، سەعاتی کار ، شوێنی کار و ژمارەی کرێکارانی لەسەر کاردا ، بهێنێت.
ماددەی (38):
نوێنەرانی کرێکاران مافی پشکنینی نوسینگەی ئەو دامەزراوانەیان هەیە کەکاریان تێدا دەکەن. پێویستە خاوەنکار هەموو ئەو زانیارییانە بخاتە بەردەست کرێکاران کە لەم پشکنینانەدا پێویستییان پێیەتی.

## کریکارانی دەرەکی:

ماددەی (39)
بەهۆی هەلومەرجە سیاسی وئابووریەکانی ئێستای کوردستان وناوچەکەوە، ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاران لەئێران و تورکیا و لەشارەکانی خوارو ناوەراستی عێراق و وەیا لەڕێگای کۆمپانیا بازرکانیەکانەوە لەولاتانی ترەوە، بۆکارکردن ڕوویان لەکوردستان کردووە و بەشێوەی جۆراوجۆر تێکەڵ بەهەلومەرجی کارو ژیانی کرێکارانی کوردستان بوون. ئەم کرێکارانە کەلەوپەڕی هەلومەرجێکی نائینسانی وبێمافیدا کاردەکەن وبە"بیگانە" لەقەڵەم دەدرێن، ڕووبەڕووی ئاپارتاید و ئیهانەو سوکایەتی و دەستدریژی و ژیانێکی لاوەکی بوونەتەوە. لەکاتێکدا دەبێ ئەم ئینسانانە وەك هەر هاولاتیەك مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و سنورێك بۆ چەوسانە و ژیانی ناهەمواریان دابنرێ وئەمەش لەکۆمەڵگادا بەیاسا ڕێك بخرێت.
لەمبارەوە:

1- دەبێ ئەم کرێکارانە لەیاسای کاردا وەك بەشێك لەچینی کرێکاری کوردستان بەڕەسمی بناسرێن و تەواوی ئەو مافانەی کەلەیاسای کاردا بۆکرێکارانی کوردستان بەڕەسمی دەناسرێت ئەوانیش بگرێتەوە.

حەقدەستی کرێکاران، جگە لە ئەنجامدانی خودی کارەکە نابێ بە هیچ مەرج و فاکتەرێکی دیکەوە ببەسترێتەوە (وەکو زیاد کردنی بەرهەم، بەرهەمهێنەریی ، دیسپلین ، ڕادەی دیاری کراوی بەرهەم هێنان و ...تاد) ، هەموو هەقدەستی کرێکاران دەبێ بە یەك پارچەیی بەشێوەیەکی کرێ بدرێت.

## مۆڵەت و پشووەکان:

ماددەی (27):

دوو ڕۆژ پشووی لەسەر یەك لە هەفتەدا . گۆڕینی ڕۆژانی پشووی هەفتە بۆ شەممە و یەك شەممە بە مەبەستی هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهاندا و بە تایبەتی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەشەسازیدا. لانی کەم 30 ڕۆژ مۆڵەتی ساڵانە . مۆڵەتی کورتخایەنی کوتوپڕ بەبێ داشکاندن لە کرێ ، سەرباری مۆڵەتی ساڵانە، بۆ بەدواداچوونی گیروگرفتە پێشبینی نەکراوە شەخسی و خێزانییەکان.

ماددەی (28):

یەکی ئایار وەکو ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار ، پشووی ڕەسمییە لە سەراسەری ووڵاتدا.

ماددەی (29):

8ی مارس وەکو ڕۆژی جیهانی ژنان، پشووی ڕسمییە لە سەراسەری وڵاتدا .

## زەمانەتەکان:

ماددەی (30):

بیمەی بێکاری تێروتەسەل بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئامادە بەکارن و تەمەنیان لەسەروو 16 ساڵەوەیە و دەوڵەت نەیتوانیوە کاریان بۆ دابین بکات وەیان بێکار کراون. دەبێ بە پێی ئاخرین حەقدەستێك کە وەریانگرتووە بیمەی بێکاری تێروتەسەل و باقی خەرجیە زەرورییەکان بەهەموو ئەو کەسانە بدرێت کەبەهۆی هۆکاری جسمی و نەفسییەوە توانای کارکردنیان لە دەستداوە .

ماددەی (31):

دیاریکردنی تەمەنی خانەنشینی بۆ ژنان و پیاوان بە 55 ساڵ یان دوای 25 ساڵ پێشینەی کار (18 ساڵ بۆ کارە سەختەکان) . دانی موچەی خانەنشینی بەرامبەر بە بەرزترین کرێی وەرگیراو لە دەورەی کارکردندا. بردنەسەری بیمەی خانەنشینی شانبەشانی چوونەسەری ئاستی کرێ.

ماددەی (32):

بیمەکردنی بێ کەموکاستی کرێکاران لەبەرامبەر ئەو کارەسات و زیانانەی کە لە ئەنجامی کارەوە توشیان دەبێت ، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەلە شوێنی کار وەیان دەرەوەی شوێنی کار ڕویداوە ، وەبەبێ ئەوەی کە کرێکار پێویستیی بە سەلماندنی کەم تەرخەمیی خاوەنکار یان بەڕێوەبەرایەتی هەبێت . دانی کرێی تەواوی خانەنشینی بەو کرێکارانەی کە لەئەنجامی کارەساتی کارەوە توانای کارکردن لە دەست دەدەن.

## غەرامە و سزادانی کرێکاران:

ماددەی (33):



پڕۆژەیاسای کاری کرێکاریی

لەبەرامبەر خاوەنکار و هەروەها دەوڵەتیشدا بەڕەسمی بناسرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

## مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی کرێکاران :

ماددەی (2):

ئازادی تەواوی بێ قەید وشەرتی مانگرتن. مانگرتنی کرێکاری پێویستی بەهیچ مۆڵەت وەرگرتنێك نییە لەدەولەت و دامو دەزگا دەوڵەتیەکان. دانی کرێی تەواو بۆ ڕۆژەکانی مانگرتن. ماف یەکسان بۆ مانگرتووان بۆ ڕونکردنەوەی هۆیەکانی دەست بردنیان بۆ مانگرتن و وەڵامدانەوەی قسەکانی دەوڵەت و خاوەن کارەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە. قەدەغەکردنی نایاسایی کردنی ئەم یان ئەو مانگرتن بەبیانووی وەك "بەرژەوەندییە میللی و نیشتمانییەکان" ، "هەل و مەرجی نا ئاسایی" ، "هەل و مەرجی شەڕ" ، ...تاد.

ماددەی (3):

قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مانگرتنشکێنەکان وە یان بەکارهێنانی هێزە سەربازی و ئەمنیەکان لەجێگەی مانگرتوان لەهەموو دامەزراوەکاندا ، چ تایبەتی و چ دەوڵەتی .

ماددەی (4):

ماف دەست لەکارکێشانەوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە هەڵسوکەوت و کارکردی خاوەنکار و دەست و پێوەندەکانی، یان مەسەلەی سەلامەتی شوێنی کار وەیان سەرهەڵدانی کێشەی پێشبینی نەکراو لە شوێنی کاردا، بە شێوەیەکی کاتی کار ڕادەگرن بۆ ئەوەی وەڵام بە ناڕەزایەتییەکەیان بدرێتەوە .

ماددەی (5):

ئازادی پیکیت لەبەردەم دامەزراوەکاندا. ئازادی هەمووان لە پەیوەستبوون بە پیکیتە کرێکارییەکانەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو دامەزراوەدا کار دەکەن یان نا.

## سەعاتکار و ماوەی کارکردن:

ماددەی (6):

بەرقەرار کردنی دەست بەجێی لانی زۆری 30 سەعات کار لە هەفتەدا (5 ڕۆژی شەش سەعاتیی) ، 25 سەعات لە هەفتەدا بۆ کارە سەختەکان ، وە دەبێ بە بەردەوامی هەموو 5 ساڵ جارێك کەم بکرێتەوە. کاتەکانی نانخواردن، ماوەیەکی دیاری کراو بۆ هاتووچۆ، کاتی خۆشتنی دوای کار، کاتی دەرس خوێندن بۆ فێربوونی خوێندەواری و ئاموزشی تەکنیکی و کاتی کۆبوونەوە گشتییەکان دەبێ بە بەشێك لەسەعاتکار بژمێردرێن.

ماددەی (7):

تەمەنی خانەنشینی بۆ ژن و پیاو (55) ساڵە یان پاش تێپەڕاندنی (25) ساڵ کار کردن لە کاری ئاساییدا و (18) ساڵ کارکردن بۆ کاری قورس.

ماددەی (8):

زێدەکاری قەدەغەیە. نابێ لەژێر هیچ بیانوویەکدا، لە بابەتی پێش گرتن بە ڕوداو و کارەسات و شتی لەم بابەتانە کرێکاران ناچار بە کاری زیادە بکرێن و سەعاتکاری کرێکاران لەو ماوەیەی دیاری کراوە

درێژ بکرێتەوە .

### سەلامەتی و هەل و مەرجی کارکردن:

ماددەی (9):

دابینکردنی سەلامەتی و هەل و مەرجی تەندروستی شوێنی کار و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی کار تا نزمترین ئاستی مومکین ، بەبێ هیچ سك هەلگوشینێك، بەسود وەرگرتن لە پێشکەوتووترین تەسهیلات و ئیمکاناتێك کە لەئاستی جیهانیدا بەکار دەهێنرێ. چاودێری و فەحسی پزیشکی ڕێکوپێك لەبەرامبەر ئەو مەترسی و نەخۆشییانەی کەلە پیشەو کارەوە سەرچاوە دەگرن، لە لایەن دام و دەزگای پزیشکی سەربەخۆ لەخاوەنکارەوە ، لەسەر خەرجی خاوەنکارەکان و دەوڵەت.

ماددەی (10):

قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بەکرێکارانی دووگیان وەیان ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی تایبەتمەندی فیزیکی تایبەتی خۆیانەوە سەلامەتیان دەکەوێتە مەترسییەوە. هەموو کرێکارێك مافی ئەوەی هەیە هەر کارێك کە بەپێی لێکدانەوەی خۆی لەڕوی جەستەیی و دەروونییەوە بە زیانباری بزانێت بۆ خۆی، ئەنجامی نەدات.

ماددەی (11):

قەدەغەکردنی دەرکردنی کرێکاران. دانی بێ کەموکاستی دوا مووچەی وەرگیراو بەو کرێکارانەی کە دامەزراوەکەیان ڕائەوەستێ ، تا ئەو کاتەی کە ئەچنە سەر کارێکی دیکە. بەرپرس بوونی دەوڵەت لە پەیداکردنی کاری هاوشێوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی ڕاوەستانی دامەزراوەکانیانەوە بێکار دەبن. فێرکردنی پیشەیی تازە بەخەرجی دەوڵەت بۆ ئەو کرێکارانەی کە پیشە وەیان ڕشتەکەیان بە هۆی ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژییەوە لە دەست دەدەن.

ماددەی (12):

هەموو جۆرە کارێکی کۆنتەراتی و پارچەکاری قەدەغەیە.

ماددەی (13):

کاری پیشەیی بۆ منالان و لاوانی خوار 16 ساڵ قەدەغەیە. هەر خاوەنکارێك کاری پیشەیی بەمنالان و لاوانی خوار (16) ساڵ بکات توشی لێپرسینەوەی توندی یاسایی دەبێت.

ماددەی (14):

شەو کاری قەدەغەیە. لەو شوێنانەی کە پێویست بەئەنجامدانی کاری شەوانە دەکات، وەك نەخۆشخانە و دائیرەکانی ئاگر کوژانەوە و کارەبا و .... کرێی دووبەرابەر دەدرێ.

تێبینی: مەبەست لەکاری شەوانە ئەو کارانەیە کە لەسەعات شەشی ئێوارەوە ئەنجام دەدرێ تا شەشی بەیانی . هیچ کرێکارێك نابێت زیاتر لەیەك شەفت لە کاری شەوانەدا کار بکات .

ماددەی (15):

دەوڵەت و خاوەن کارەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرگرتن بەو نەخۆشیانە هەڵگرن کە لە ئەنجامی جۆری کارەکەوە ، پەیدا دەبن وەك کاری نێو کانەکان ،....

ماددەی (16):





دەوڵەت و خاوەنکارەکان لەسەریانە کە ئامرازی تایبەتی پێویست بۆ پاراستنی گیانی کرێکاران لەبەرامبەر کەرەستەکانی کاردا دابین بکەن، وەك جۆری پێڵاو و جزمەی تایبەت، بەدلە و جل و بەرگ، دەستکێش و عەینەك و کڵاو ....

### هەل و مەرجی کاری ژنان:

ماددەی (17):

ئەو ژنانەی دووگیانن سەعاتکاری ڕۆژانەیان 4 سەعاتە لە ڕۆژێکدا.

ماددەی (18):

دانانی 16 هەفتە مۆڵەت بە کرێی تەواوەوە بۆ ژنانی کرێکار لە کاتی منال بووندا، هەروەها دانی دوو ڕۆژ پشووی مانگانە بۆ تەواوی ژنانی کرێکار بە هۆی عادەی مانگانەوە. هەروەها مافی وەرگرتنی 18 هەفتە بۆ ژنانی (منال لەبەر) بۆ پەروەردە کردنی منالانی ساوا ، بە کرێی تەواوەوە.

ماددەی (19):

دانی دوو پشووی نیو سەعاتی لە ماوەی کارکردن بە ژنانێك کە منداڵی شیرە خۆرەیان هەیە بۆ شیردان بە منالەکانیان . ئەم ماوەیە بە سەعاتکاری ڕۆژانە بەحیساب دێت.

ماددەی (20):

کاری شەوانە بۆ ژنانی منالدار قەدەغەیە. دەبێ کاری گونجاو بۆ ژنانی دوو گیان دابین بکرێت.

### کرێ:

ماددەی (21):

لانی کەمی کرێ لەلایەن نوێنەرانی کرێکارانەوە دیاری دەکرێت.

ماددەی (22):

لانی کەمی کرێ بەپێی هەڵاوسان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەچیتە سەرەوە .

ماددەی (23):

دیاری کردنی لانی کەمی تێکرای چونەسەری ساڵانەی هەقدەستەکان لە ڕێگەی وتووێژی هاوبەشی نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئاستی سەرتاسەرییدا لە گەڵ نوێنەرانی سەرتاسەری خاوەنکارگەکان و دەوڵەت.

ماددەی (24):

ژنان و پیاوان لەبەرامبەر کاری چوون یەکدا کرێی یەکسان وەردەگرن.

ماددەی (25):

قەدەغەکردنی دانی حەقدەست بەشێوەی شمەك و غەیرە نەقدی. قەدەغە کردنی هەر جۆرە دواخستنێکی حەقدەست. قەدەغە کردنی هەر جۆرە داشکاندنێك لەکرێ و غەرامەکردنێك بە بیانووی جۆراوجۆرەوە. دانی کرێی ڕۆژانی غیابی پاساودار، دەورانی نەخۆشی و لەجێ کەوتن، ڕۆژانی مانگرتن وەیان هەر جۆرێك لە ڕاگرتنی بەرهەم لەبەر هەر هۆیەك بێت وەیان بە هەر بیانوویەکی خاوەنکارەوە بێت.

ماددەی (26):